
چیرۆک



گوڵبەن شەریف

# پەڕەی سیغار

ئێمە راست دەکەین، چونکە لە بنەڕەتدا شتێک نییە کە درۆبێ
ئێمە درۆش دەکەین، چونکە لە بنەڕەتدا شتێک نییە کە راست بێ
ئێمە بەگومان و وەهمەوە لە نێوان راستییەکان و درۆکاندا دەژین



هەر وەکو سەربازێک، چەند جارێک پێیەکانی بە توندی کێشا بە زەوییەکەدا، تاکو ئەو قوڕانەی بە پێڵاوەکەیەوە نووساوە، لێ ببێتەوە.

لە پەنجەرەکەوە تەماشای دەرەوەی کرد و لەبەرخۆیەوە گوتی:

– ژیان هەر ئەوەندەیە کە لە نێوان شووشە درز تێکەوتووەکانی ئەم پەنجەرەیەوە دەیبینم، ئیتر هەموو شتەکانی ئەودیوی ئەم پەنجەرەیە تێکشکاون، لەسەرووی هەمووشیانەوە رووخسارەکان بەشێوەیەک تێکشکاون چابوونەوەیان مەحاڵە.

نەفەسێکی توندی لە جگەرەکەی دا و هەر بەو شێوەیەی رووی لە پەنجەرەکە بوو گوتی:

– دەرەوە یەک پارچە تەمێکی چڕی سپی دای پۆشیوە، ئیتر ناتوانین بۆ هیچ لایەک بڕۆین، کاتیش درەنگە و دەبێ ئەمشەو هەر لێرە بمێنینەوە.

سوهراب ماندووانە لە پشتی ئەوەوە خۆی دابووە بان ئەو پوشو پەلاشەی لە ژوورە بە گڵ درووستکراوەکەدا بوو، بە دەنگی کەسێکەوە کە جگەرەیەکی زۆری کێشابێ، وەلامی دایەوە:

– من لە نێوان پەنجەرەکەشەوە هیچ ژیانێک نابینمەوە، بەهەرحاڵ؛ ئەگەر دەزانی ئێرە جێگەیەکی متمانە پێکراوە با بمێنینەوە، بەلام...

– بەلام چی؟

– بەلام بۆ خواردن و گەرمبوونەوەمان چی بکەین؟

ئەویش رووخسارە سپی و لێوە تەزیوەکانی وەرگێڕایە لای سوهراب و گوتی:

– دەکرێ هیچ نەخۆین، بۆ گەرمبوونەوەش پشت لەیەک دەکەین و دەخەوین.

سوهراب چاوەکانی هێنایەوە یەک و نیگایەکی پڕ پرسیاری کرد، بەلام پرسیارەکەی هەر لە دڵی خۆی هێشتەوە، چونکە ئەمە دووەم شەوە کە هیچیان نەخواردووە، ئەم پرسیارەی بەشێوەیەکی تر لێی کرد کە شێوەیەکی رێزدان بێت بە قسەکەی و گوتی:

– بەلام بە برسێتییەوە خەوم لێ ناکەوێت، تۆش وانیت؟

– زۆر شتی تر هەیە کە ناهێڵن بخەوم، برسێتیش بچووکترینیانە.

سوهراب وەکو ئەوەی فڕێ درابێتە ناو ئاوێکی لێڵەوە، چاوەکانی بە باشی نەدەکرانەوە و قورساییەک خۆی دابووە سەر پێڵوەکانی چاوی، گوتی:

– باشە نەدەکرا ئەو کێشەیە بەشێوەیەکی تر چارەسەر کرابا؟

– هاوڕێ ئەوە دوا چارەسەر بوو.

– ئێ بۆ دوا چارەسەرە، خۆ دەتوانی باشتر لێی بکۆڵیتەوە، فەرموو ئێستا تۆ دڵنیا نیت

ئەو وەها بووبێت!.

– چۆن دڵنیا نیم، ئەی وێنەی سەر پەڕەی سیغارەکە چی؟

– بەو شێوەیە بێت کە تۆ باسی دەکەیت، دەبێ کچە هیندییەکەی سەر کاغەزی بۆیاغی پرچیش بکوژی.

بە زمانی هەندێ لێوە تەزیوەکانی تەڕ کردەوە، نیگایەکی تیژی بڕییە ناو چاوی سوهراب و گوتی:

– واز لەو شێوازی قسەکردنە بهێنە و وەکو پیاو قسە بکە.

ئەمجا هەناسەیەکی تری پڕ لە دووکەڵی هەڵمژی و فلتەری جگەرەکەی فڕێ دایە زەوییەکە و پێی خستە سەری، گوتی:

– خۆ تۆ باش دەزانی وێنەی سەر کاغەزی سیغارەکە لە کوێوە هاتووە.

– جا کێناڵێ شێتێکە یان کەسێکی عاشقە بەو چاوانەی کە تۆ عاشقی بووی، بۆیە وێنەکەی لەسەر کاغەزی سیغارێک کێشاوە؟.

– ئەگەر وەهاش بێت، هیچ گومانێک نییە لەوەی کە بەرامبەری وەستاوە و ئەم شێتە یان ئەو عاشقەی وا باسی دەکەی وێنەکەی کێشابێت. بەو پێیەش ئەوان هەردووکیان ئەو شەوە پێکەوە بوونە.

– ئەمەی دەیڵێی گریمانە و گومانێکی پووچە و هیچی تر.

بە هاوارەوە گوتی:

– نەخێر؛ نەگریمانەیە و نەگومانیشە، بەڵکو تەواوی حەقیقەتە.

دەستی کردە گیرفانی و پەڕەی سیغارەکەی دەرکرد، دایە دەستی سوهراب و گوتی:

باش تەماشای بکە و لێی وردبەرەوە، بزانە گومانە یان حەقیقەتە.

سوهرابیش پەڕەکەی لێ وەرگرت و لە چرای ناو ژوورەکەی نزیک کردەوە و کەوتە تەماشاکردنی، کە چاوی کەوتە سەر وێنەکە تەواو رەنگی گۆڕا.

ئەویش کە تا ئێستا هەر بە پێوە راوەستا بوو گوتی:

– دەبینی...، ئەو هەموو وردەکارییانە دەبینی، تەماشاکە بە مللیم هیچ هەڵەیەک هەیە، چاوە هەنگیونییەکانی... تەواوی رووخساری تا گەردنی و خەتی نێوان مەمکانی و ئەو خەناوکەیەی کە من بەبۆنەی یەکەمین ساڵرۆژی خۆشەویستیمانەوە بەدیاری بۆیم هێنابوو، بەشێوەیەک کێشراوە تەنیا لەو رێگەیەوە دەکرێت کە خودی خۆی لە بەرامبەر وێنەکێشەکە دانیشتبێت، بەشێوەیەک لەیەکیش نزیک بووبێتن کە بۆنی یەکتر بکەن. ئەو ئاوێنەیەی

پشتی وێنەکە دەبینی کە چۆن هەموو وردەکارییەکانی پشتەوەشی وێنە کێشاوە، پرچە خەنەییەکەی وا کۆ کراوەتەوە و بەسەر شانی چەپیدا هاتووەتە خوارەوە، تەنانەت خاڵەکەی سەر شانی راستیشی بە هەمان ئەندازە و هەمان رەنگ وێنە کردووە، بڕوا بکە هەمان ئەو هەستی خشانەشت دەداتێ وەکو ئەوەی دەستت بە خاڵەکەیدا هێنابێ.

ئەمجا پڕ بەسییەکانی هەناسەی تەزیوی ئەو کەشە ساردەی ناو ژوورەکەی هەڵمژی و بە سەدای گەرووی کەسێکەوە کە زۆر گریابێت گوتی:

– دەبێ چەندین جار ئەو وێنەکێشە نارەسەنە دەستی بەو خاڵەدا هێنابێ؟.

لەگەڵ گوتنی دواین ئەو قسانەیدا فرمێسک بە چاوەکانیدا هاتنە خوارەوە.

سوهراب کە لەگەڵ قسەکانی ئەودا تەواو تێکەڵی وێنەکە بووبوو، هەستی برسێتیی لا نەما، کە تەماشای ئەو وێنەیەی دەکرد، وەکو نەخۆشێکی پشووتەنگ هەناسەی دەدا و هەموو جەستەی گەرمییەکی بەهێز دای دەپۆشی، ئارەقەی بناگوێی کە بەهۆی گەرمی لەشییەوە دەهاتە خوارەوە بێزاری کردبوو، وێنەکەی بە پەرجوویەکی زۆر سەیر دەهاتە پێش چاو.

لە ناکاو هەستایە سەرپێ و گوتی:

– منیش دەبێ کەسێک بکوژم؟

هەروا لە وێنەکە قووڵ دەبووەوە و بە، ژوورەکەدا هاتوچۆی دەکرد، بە دەستێکی پەڕەی سیغارەکەی گرتبوو، بە دەستەکەی تریش ئارەقەی دەسڕی و بە توندی پەرچەمی قژی بەرەو سەرەوە پاڵ پێوە دەنا.

ئەمجا رووی کردە پەنجەرەکە و پڕ بەگەرووی هاواری کرد، هەر بە هاوارەوە دەیگوت "دەبێ بیکوژم، دەبێ بیکوژم".

ئەویش لەم هەڵسوکەوتە لە ناکاوەی سوهراب سەری سوڕمابوو، هێشتا فرمێسکەکانی لە چاوانیدا بوو، لە پشتەوە دەستی چەپی خستە سەر شانی سوهراب و بە دەستی راستیشی پەڕە سیغارەکەی لە دەستی وەرگرت، بە سەدای کەسێکی زۆر ئارامەوە گوتی:

– ئارامبە هاوڕێم ئارامبە.

سوهراب کە ئیتر کۆنترۆڵی خۆی لە دەست دابوو، بێ ئەوەی هیچ بڵێ رووی کردە دەرگەکە و بە پەلە دەرچووە دەرەوە، بە ناو تەمی سپی ئەو دەمەوئێوارەیە و بەسەر بەردەلانی شەقامە تەواونەبووەکانی ئەو خانووە لەخشت درووستکراوانە بەرەو ترووسکاییەکی کەمی گڵۆپەکانی شەقامە سەرکییەکە کەوتە راکردن، تا بگاتەوە

سەیارەکەی کە لە نزیکی شەقامەکە لە قوڕا چەقیبوو، ئەمیش بە دەمانچەوە بە راکردن بە دوایەوە بوو هاواری لێ دەکرد کە راوەستێت.

سوهراب لە راکردنی توند و لە ماندوویی جەستەی و لە پەرجووی پەڕەی سیغاردا تەنها بیری لە کوشتنی کەسێک دەکردەوە و ئاگای لە هیچی تر نەمابوو، لەناکاو پێی لە بەردێک هەڵکەوت و بەدەما کەوتە سەر زەوی، بەئەندازەی جەستەی سوهراب تەمی سپی بەرەو ئاسمان هەڵکشا، ئەمیش چەند هەنگاوێک بە دوایەوە بوو، کە بینیی سوهراب کەوت؛ بە هەلی زانی و توندتر رای کرد و پێی گەیشت، سوهرابی لەسەر زەوی هەڵگرتەوە، جیا لەوەی رووی پێشەوەی سوهراب بوو بە قوڕاو، خوێن بەلای دەمییەوە هاتبووە خوارەوە و سەرچۆکی چەپی پانتۆڵەکەشی دڕابوو، وەکو ئەوەی بریننداری شەڕێکی بێ کۆتا رزگار بکات، چووە بن باڵی و بە ناو تەمی پەنگ خواردوودا هێنایەوە ناو ژوورەکە و لەسەر پووشەکەی دانایەوە، سوهراب وەکو چۆلەکەیەکی تەڕبوو دەلەرزی، ئەمیش قەمسەڵەکەی خۆی دایە سەر شانی سوهراب و گوتی:

– هاوڕێ، من کە تا ئێستا نازانم ناوی تۆ چییە، بەڵام پێم ناڵێی تۆ بۆ وادەکەی؟.

ئەمجا هەندێ دەنگی زیاتر هەڵبڕی وەکو ئەوەی بیەوێ باشتر حاڵی بکات، گوتی:

– ئێستا ئەوە گرفتی منە، تۆ تەنیا لەگەڵ من تووش بوویتە و هیچی تر، سبەی بە ئارەزووی خۆت دەتوانی بڕۆیت و کەسیش تۆ ناناسێت. ئەوەی ئێستا گیرۆدەیە منم، ئیتر بۆ وادەکەی.

سوهراب نەتەقی لە خۆی بڕی بوو و هیچی نەدەگوت، قەترەیەک خوێن لە لادەمییەوە کەوتە سەر پووشەکە، هەروا لە قەترە خوێنەکە رامابوو، ئەو کاتەی بە بیرهاتەوە کە هێشتا گڵۆپی ترافیکلایتەکە سوور بوو، بارانێکی بەخوڕ دەباری، پیاوێکی پەرپووت و ریش درێژ کە زیاتر بە سەرخۆش دەچوو، بە خۆی و کەرەستەی وێنەکردنەکەیەوە هێرشی کردە پەنجەرە داخراوەکەی دەرگەی سەکنی تاکسییەکەی ئەمەوە، بە توندی خۆی بە دەرگەکەدا کێشا و گوتی:

– تکایە فریام کەوە ئەو پیاوە دەیەوێ بمکوژێت، نازانم...

هێشتا قسەکانی تەواو نەکردبوو، ئەو پیاوەی کە ئێستا لەم ژوورەدا بەرامبەر بە سوهراب راوەستاوە فیشەکێکی نا بە کەللەی سەری وێنەکێشەکەوە، کابرای وێنەکێشی پەرپووتیش بە خۆی و کەرستەی وێنەکێشانەکەیەوە کەوتە سەر شەقامەکە، لەو کاتەدا ئەو ئاسایشانەی لەوێ بوون هێرشیان بۆی هێنا، ئەمیش خۆی فڕێ دایە ناو سەیارەکەی

سوهرابەوە، گڵۆپی ترافیکلایتەکە بوو بە سەوز، دەمانچەکەی لە سوهراب راکێشا و بە هاوارەوە گوتی:

– برۆ!.

سوهرابیش لە ترسی گیانی خۆی وا بۆی دەرچوو کە بە هیچ شێوەیەک ئاسایشەکان نەیانتوانی بیگرنەوە.

ئیتر هەر لەو بیرکردنەوەیەدا بوو تا ئەو کاتەی ئەو پیاوەی بەرامبەری دانیشت و دەستی نایە سەر شانی و گوتی:

– من داوای لێبووردنت لێ دەکەم کە تۆم تووشی ئەم حاڵە کردووە، بەڵام خۆت دەزانی ناچار بووم، ئەگەر وەهام نەکردایە ئاسایشەکان دەیانگرتم. هیوادارم سەیارەکەشت هەر لەو شوێنەدا مابێت وا بەجێمان هێشت.

سوهراب هیچ وەڵامی نەدایەوە، تەنیا خەیاڵی لای وێنەی سەر پەڕەی سیغارەکە بوو.

ئەویش بە هەناسە هەڵکێشانێکەوە گوتی:

– ئاخر دەبووایە ئەو وێنەکێشە بکوژم، ئەو کاتێ داوای ئاگری لە من کرد، ئەو پەڕە سیغارەم لە دەستی بینی پڕی تووتن کردبوو، زمانی بە رووخساری وێنەکەدا هێنا و دەیویست ئاگری بدات، پێش ئەوەی گڕی ئاگری چەرخەکەی پێ بگات جگەرەکەم لە دەمی راکێشا، بە ئاسپایییەوە هەڵم وەشاندەوە و تووتنەکەم بەتاڵ کردە سەر شۆستەکە، وێنە کێشراوەکە چەقی بە چاوانمدا، ئاخر جگە لە کوشتنی دەبووایە چی بکەم؟، ئەو خوێڕییە ئەگەر لەدەستم هەڵنەهاتایە هەر لەوێ دەمکوشت، بەڵام وێنەکێشەکان وەهان، ترسنۆکن، بەرەنگارت نابنەوە، هەر بە دزییەوە وێنە دەکێشن، پاشان هەڵدێن و رادەکەن تا خۆیان رزگار بکەن.

بەڵام ئێستا لە تۆ تێ ناگەم؛ بۆچی پاش ئەوەی تەماشای وێنەکەت کرد وەهات بەسەرهات؟

سوهراب بێ چاو ترووکان تەماشای ئەوی دەکرد و گوتی:

– تۆ ئەو وێنەکێشەت کوشت؛ تەنیا لەبەرئەوەی وێنەی رووخساری خۆشەویستەکەتی لە ژوورێکدا بە تەنیا کێشاوە، ئەی من کێ بکوژم؟ .. ژنەکەم!...کەوا ئەمڕۆ یادی دووەم ساڵی زەماوەندمانە و ئێستا لەسەر ئەو پەڕە سیغارەی وا تەماشام کرد، ئەو وێنەکێشە بە رووتی وێنەی کێشاوە؟!.

ئەویش دۆش داما و لەبەر خۆیەوە وەکو ئەوەی پرسیار لە خۆی و سوهراب بکات گوتی:

– هەمان ئەو پەڕەی سیغارە!؟.

سوهرابیش تەنیا گوتی:

– راستت گوت...هەموو شتێک لەودیوی شووشە درزتێکەوتووەکانی پەنجەرەکەوە تێکشکاون!.

بێ ئەوەی هیچی تر بڵێ شانی دایەوە و خەوی لێ کەوت. ئەو شەوە سەرما و تەمی لێ نەبڕا، هەموو قوڕاوی ئەو خاکەی کرد بە شەختەیەکی توند و تۆڵ. لە خەونیدا بە هەزاران پیاو رژاونەتە سەر شەقامەکان، هەریەکەو پەڕەی سیغارێکی بە دەستەوەیە و بەغەزەبەوە لێی دەڕوانێ، دەنگە دەنگ و جەنجاڵییەکی زۆریان لە کۆڵان و کوچەکان بەرپا کردووە، دوو دوو و گرووپ گرووپ پێکەوە راوەستاون و بە سەدای بەرز قسە دەکەن و هیچیان لێک تێ ناگەن، لەوێدا کە دەیان کەس لە رق و تووڕەیی خۆیدا کەوتووەتە شکانی شووشەی پەنجەرەی کۆگاکان و کەسانێکیش بە راکردنەوە تەماشای پەڕەی سیغارەکەی دەستیان دەکەن و هەریەکەیان بەسەدا و دەربڕینێکی جیاواز هاواری کوشتنی دەزگیرانەکەی یان ژنەکەی یان خوشکەکەی دەکات، ئەمیش وەکو بینەرێکی سامگرتوو لەو هێرش و هوروژانەی ئەو خەڵکە سەرلێشێواوە دەڕوانێ، لەو کاتەدا دەیانی تر دەبینێ چەقۆی خوێناوییان بە دەستەوەیە و بە شەقامەکاندا سەرلێشواوانە دەناڵێن، زۆربەی قسەکانیان باسی کوشتن و لەناوبردنی کچان و ژنانی وێنەکراوی ناو پەڕەی سیغارەکانی دەستیان دەکەن کە بەشێوەیەکی ناشایستە وێنەیان کێشراوە، لەو ساتەدا پەڕەی سیغارەکەی دەستی چەپی بەبیر دێتەوە، پشتی بە جامخانەی کۆگایەک داوەتەوە، کە تەماشای پەڕەی سیغارەکەی دەستی دەکات و وێنە رووتکێشراوەکەی ژنەکەی دەبینێ پڕ بە گەرووی هاوار دەکات، بەشێوەیەک سەدای هاوارەکەی هاوار وناڵەی ئەوان دادەپۆشێ، تێکڕای پیاوانی ناو شەقامەکە بێدەنگ دەبن و روو لەو دەکەن، لەو ساتەدا هەست دەکات لە دەستی راستەیەوە قەترە قەترە شلەیەک دەچۆڕێتە سەر زەوی، کە تەماشای دەستی خۆی دەکات مشتووی چەقۆیەکی گەورەی خوێناوی بە دەستەوەیە، دڵی دادەخورپێ و روو لە کۆگاکە دەکات، بەهەموو هێزی خۆی چەقۆکەی دەستی دەکێشێ بە جامخانە گەورەکەی کۆگاکە.

بە دەنگی شکانی شووشە درزتێکەوتووەکانی پەنجەرەکە و لە دەنگی سەیارەکانی پۆلیس کە رەنگە نارنجی و سوور و شینەکانی بە ژوورەکەدا لە هاتووچۆدا بوو؛ بە ئاگا هاتەوە، ئەویش لە پەنجەرەکەوە بە هاوارەوە دەیگوت:

– کەس نەیەتە پێشەوە!.

لە دەرەوەش جگە لە دەنگی پۆلیسێکی زۆر، دەنگی کچێک لە بڵنگۆوە هاواری دەکرد:

– پەرۆش...، بۆ وا دەکەی، ئاخر چیت بەسەرهاتووە؟!

ئەویش بە هاوارەوە گوتی:

– چیم بەسەرهاتووە، ئەوەی بەسەرم هاتووە تۆ و وێنەکێشە خۆشەویستەکەت بەسەرمتان هێناوە، ئەو وێنەکێشە هەزار جاری تر خوا زیندووی بکاتەوە هەر دەیکوژمەوە، ئاخر سەیران بۆ خیانەتت لێ کردم بۆ؟، باش بزانە تەنیا ویستی خوا وابووە ئەو خیانەتەی تۆ ئاشکرا بێت.

– بە خوا من تێ ناگەم باسی چی دەکەی، خیانەتی چی؟، ئاخر من هیچ وێنەکێشێک ناناسم!.

– بێگومان دەبێ بڵێی نایناسم، تا خیانەتەکەت بشاریتەوە، گوێ بگرە سەیران "بەم قسانەت فریو ناخۆم و رزگارت نابێ".

«ئاخر شەوی رابوردوو لە نزیک ماڵی سەیران، پاش ئەوەی سوهرابی لە ناو سەیارەکەی بەستبووەوە، تا نزیک ژوورەکەی سەیران چووبوو بۆ ئەوەی بیکوژێت، بەڵام بۆی نەلوابوو، چونکە لەو دەمەی ئەم دەیەوێ دەرگەی ژوورەکە بکاتەوە، باوکی سەیران وا هاواری لێ دەکات کە دەیناسێتەوە و ئەمیش رادەکات، دەگەیەتەوە سەیارەکەی سوهراب، خۆی سەیارەکە لێ دەخوڕی و بە پەلە دوور دەکەوێتەوە.»

پەڕەی سیغارەکەی لە پەنجەرەکەوە دەرکرد و گوتی:

– ئەوە بەڵگەی خیانەتەکەی تۆیە، ئەو پەڕە سیغارەیە کە وێنەکێشە خوشەویستەکەت بۆتی کێشاوە.

پەڕەی سیغارەکەی فڕێ دایە دەرەوەی ژوورەکە.

یەک لە پۆلیسەکان بە پەلە چوو هەڵی گرتەوە، بێ ئەوەی تەماشای بکات دایە دەستی سەیرانەوە.

سەیران تەماشایەکی پەڕەی سیغارەکەی کرد و بڵنگۆکەی لە دەمی دوور کردەوە، رووی کردە ئەفسەرەکەی تەنیشتی و گوتی:

– ئەم دەزگیرانەی من تێک چووە، ئاخر ئەمە تەنیا پەڕەیەکی سپییە و هیچی ترا!.

ئەفسەرەکە چاوەکانی کز کردەوە، بێ ئەوەی تەماشای پەڕە سیغارەکە بکات گوتی:

– بەڕاستی سەیرە!، ئیتر ئەم پیاوە بۆ وادەکا؟.

سەیران لە بڵنگۆکەوە گریان گەرووی گرتبوو هاواری کرد:

– پەرۆش، داوای لێبووردنت لێ دەکەم، وەرە دەرەوە بڕوا بکە دەتوانین پێکەوە ئەو گرفتە چارەسەر بکەین.

– پاش چی، ئاخر پاشی چی داوای لێبووردن دەکەی، هەی خایەنی وێنەکێش پەرست، قەت لە دەستم رزگارت نابێ.

لە پەنجەرەکەوە رووی دەمانچەکەی لە سەیران کرد و فیشەکێکی پێوە نا، گوللەکە بەر قۆڵی راستی کەوت و پەڕەی سیغارەکەی لەدەست بەربووەوە.

راستەوخۆ پاش تەقەکردنەکەی پەرۆش، لە دەرگەکەوە چەند پۆلیسێک هێرشیان هێنایە ژوورەوە، سوهراب بە پەلە هەستایە سەر پێ، پۆلیسەکان وەکو شتێکی لە ناکاو بوو بۆیان، چونکە تا ئێستا نەیانزانیبوو جگە لە پەرۆش کەسێکی تر لە ژوورەکەدایە، یەک لە پۆلیسەکان چەند فیشەکێکی نا بەسینگی سوهرابەوە، سوهراب بە پشتا کەوتە سەر زەوی، پەرۆشیش کە ئەوەی بینی، دوو فیشەک لە دەمانچەکەی دەستیدا بوو نای بەو پۆلیسەوە، پۆلیسەکە لە دەرگەکەوە بە پشتا کەوتە دەرەوەی ژوورەکە، پۆلیسەکانی تریش پەرۆشیان دایە بەر رێژنەی گوللە.

سەیران هەرچی لەدەستیدا بوو بە بڵنگۆکەشەوە فڕێ دا و بە هاوارێکی پەرۆش و دڵتەزێنەوە بەرەو ژوورەکە رای کرد، لاشەی پەرۆش و سوهراب بە کەساسییەوە لە ژوورەکەدا کەوتبوون، سەری لاشەی پەرۆشی لەسەر رانی دانا و قیژەی دوور و درێژی سەیران ژوورەکەی پڕ کرد.

لە دەرەوەش ئەفسەرەکە دانەوییەوە بڵنگۆکە هەڵگرێ، پەڕەی سیغارەکەی بینی، هەڵی گرتەوە و کەوتە تەماشاکردنی، رەنگی سپی هەڵگەڕا، چونکە دەقاودەق وێنەی ژنەکەی کێشرابوو!.

بزەی پێکەنین گرتی و پەڕەی سیغارەکەی ورد ورد کرد و فڕێی دا، ئەو پارچە کاغەزانەیش کە دەیان وێنەی رووخساری جیاجیای لێ دەبووەوە بەسەر کەشی ئەو ناوەدا و لە ناو تەمی ئەو بەیانییەدا فەنابوون.

تێبینی: ئەم چیرۆکە خەڵاتی یەکەمی چیرۆکی دووەمین فیستیڤاڵی شیعر و چیرۆکی رێکخراوی ئازادی لاوانی کوردستان (سەنتەری هەولێر)ی بەدەست هێناوە.